ناڵەی جودایی

بە خەتی

مامۆستا هێمن

تایبەت بە

نالەی جودایی

هێمن

١٩٧٨

کوردیکا
arkurdica

مانگه شه‌و

بەڵێنی ڕاگەیاندی ڕاسپاردە
گوتی : بۆت دێتە بن ئەم پاردە غاردە

لە جێ ژوانێ لەبێرە چاوە ڕێتم !
نەهاتی ، کێژی جوانی هەڵبژاردە

تەزووی گەرم بە لەشدا دێ ئەگەرچی ؟
تەزاندی شان و پێلم بەردکی پاردە

وەرە با ڕەنگ و ڕوخسارت ببینم
بە من چی تیشکی داوێ مانگی چاردە

گڕی ئەم ڕووەمەتی تۆ گەرم و جوانە
تڕلفەی مانگەشەو جوانیش بێ سارد ١٩٧٤

دیواری وشکەبەرد کە لە دەوری کانی وشتن وای دەکێشن

کوردیکا
@kurdica

ناڵەی جودایی

ساقیا! وابادەوە ، وابادەوە
ڕوو لە لای من کە بەجامی بادەوە
موشتری وەک من لە مەیخانێ کەمن
زور بەیان شاد و بەکەیف و بێخەمن
مەی حەرامە بۆ سەهەندە و بێخەمان
مەستی بێخەم بۆچی بگرن ئێخەمان ؟
ئەم شەرابە تاڵ دەرمانی خەمە
لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەردی کەمە
ئەم شەرابە ئاڵ بۆ بێدەرد نیە
لێی حەرام بێ ئەو کەسە ڕەنگ زەرد نیە

بۆ کەسێکە مەی چزیلکی پێوە نێ
بۆچی ملهوڕ لێرە بنی پێوە نێ ؟
بۆ کەسێکە مەی کە دەردی کاری یە
بێ خەمێک بخواتەوە زۆر داری یە
بۆ کەسێکە مەی دڵی پڕ بێ لە داخ
بۆچی لێی بخواتەوە بەرزە دەماخ
ئەو کەسەی بێکەس نیە و خانەخەراب
دەک بە ژاری ماری بێ بادە و شەراب

× × ×

ئەو کەسەی نەچێشتوە دەردی ژیان
ئەو کەسەی نەیدیوە ئێش و برک و ژان

چزیلک : بەو پارچە دووگانە دەڵێن کە هەڵچراون و چەورایی یان پێوە نەماوە.

کوردیکا
@kurdica

ئەو کەسەی نەکرا نیشانەی تیری خەم
شانی دا نەخزا لە بن باری ستەم
ئەو کەسەی هەستی بە زۆرداری نەکرد
هەتیخی زۆرداری برینداری نەکرد
ئەو کەسەی دەستی لە ئەوکی[1] بەر درا
ئەو کەسەی دژمن لە ماڵی دەر کرا
ئەو کەسەی نەی بینی هاتی دژمنی
نیری بەخیری لە ئەستۆ دارنی
ئەو کەسەی هێندە نەبوو زوێر وزگار[2]
وا نەکەوتە بەر چەپۆکی رۆژگار

١- ئەوک: قورگ
٢- زوێر وزگار: پەریشان، لێقەوماو، وەرەز، بێزار

کوردیکا
@kurdica

ئەو کەسەی نەیهاری بەرداشی زەمان
ئەو کەسەی «زیرەی[1] نەگەیە ئاسمان»
ئەو کەسەی دووری عەزیزانی نەدی
تیر و تانەی بێ تەمیزانی نەدی
لۆزی بەدبەختی لە سەر شانی نەنشت
لێی نەگیرا دەور و پشت و چوارتەنشت
ئەو کەسەی خواردی و لەبن سێبەرکەوت
شەو لەبۆ کەیفێ لە ماڵێ دەرکەوت
بۆ دەبێ بێت و بکا مەنجانە تەنگ؟
شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتە و جەفەنگ[2]

---

١ - لە فولکلور وەرگیراوە.
٢ - جەفەنگ. گەمە و قسەی خۆش

× × ×

ئەو کوڕەی هێشتا لە ژوانێ ڕێی هەیە
سەیرە زۆر سەیرە کە ئالوودەی مەیە ؟
ئەو کەسەی ڕاوی نەنێن لێڕ و لەوێ
ئەو کوڕەی باچی کچانی دەس کەوێ
ئەو کوڕەی دۆی[1] داوەتی دەتی دەنێ
بێتە ئێرە چۆنە هەی دێی ناکەنێ ؟
ئەو کەسەی لە دەستی[2] لە مەمکان گیرەبێ ،،
ئەو کەسەی لە تفلی[3] دڵی بۆ ژیر بێ ،،
ئەو کەسەی پەنجولە بکوشێ جار و بار
ئەو کەسەی دەستی بگاتە مەمکی یار

١- دۆ : بەو کیژە دەگوترێ کە لە شایی دا لە دەستی کوڕ دابێ .
٢- لە فونکلور وە ڕگیرا وە
٣- ،، ،، ،،

کوردیکا
@kurdica

ئەو کەسەی راموسێ کوڵمەی تاس ولووس
ئەو کەسەی تێی هەڵنەدابێ چارەنووس
ئەو کەسەی بمرێ خوناوەی گەردەنێ ،
کوفرە یەک قەترە شەڕاب گەردەنێ

× × ×

ئەو کەسەی ئاسوودە و خۆش رابوارد
قەت خەمی یەخیر و کوڵانی نەخوارد
یەک لە ماڵێ چاوەڕێی بوو بێتەوە
دەرکی نیوماڵێکی لێ بکرێتەوە
خەمرەوێنێک گوێ بدا تە رازی ئەو
نازە نینێک بێ بکێشێ نازی ئەو

کوردیکا
@kurdica

بگرێ پەنجەی نەرم و نۆڵی ناسکێ
بۆی کرا بێتە سەرینێ باسکێ
هەیبی هێز و گورد و تین و تاو گوڕ
ڕۆژگاری ڕەش نەبێ بەختی مکوڕ
ئەو کەسە جێگای لە مەیخانێ نیە
ئەو کەسە بادە و شەرابی بۆ چیە؟

× × ×

ساقیا! وا وەرگەڕێ، وا وەرگەڕێ
ڕووی لە لای من کە مەچۆ بۆ سەرپەڕێ
لەنگەرێ بگرە مەبە وا بەرزەفڕ
بێنە بۆ من، بێنە بۆ من، جامی پڕ

کوردیکا
@kurdica

مەی حەڵاڵە بۆ منی وێرانە ماڵ
بۆ منی سەرگەشتە و ڕووت و ڕەجاڵ
بۆ منی بابردەڵەی گردەنشین
بۆ منی دڵ پڕ لە ناسۆر و برین
بۆ منی ئاوارە و دوورە وەتەن
بلبلی بێ بەش لە گوڵزار و چەمەن
پەڕوەریوی ، باڵ شکاوی دەنگ بڕاو
بێ-بژیوی ، بەشخوەراوی ، دەرکراو
پیری ، زورهانی ، کەنفتی ، دەر بەدەر
دیدە سووری ، دڵ مەکوێی دەرد و کەسەر

١- سەرگەشتە : فارسی یە . سەرشێواو .
٢- زورهان : زۆر پیر و کەنفت

کوردیکا
arkurdica

دانەپیوی ، بێ پەسیوی ، بێ قەرار
بێکەس ، دەستەشکاوی ، کۆڵوار

لێو بەباری ، دەردەداری ، ڕەنجەڕۆ
شاعیری جوانی پەرێ دڵ بەسۆ

× × ×

سامیا ! بۆ کوێ دەچی بۆ کوێ دەچی ؟
کۆش لەبەر ئەو ملهوڕانە مل کەچی ؟
کۆش بە ڕەنگ و بۆی ئەوان خواردت فریو ؟
چاوی کۆشی هەڵفریواند زێڕ و زیو ؟
~~کۆش دەگوڕیەوە دەگەڵ هەگوهەر گەوهەر~~
کۆش دەگۆڕیەوە دەگەڵ گەوهەر هونەر
کەنگێ گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر ؟

کوردیکا
@kurdica

زێڕ بەڵایە بێوەفایە دەوڵەمەند

لەبەر هونەر نەمرە، هونەروەر[1] مەرد ورەند

«چلکی دەستەی مالی دنیا»[2] وەک دەڵێن

مالپەرەست پەیمان شکێنە و بێ بەڵێن

قەدری جوانی کوا دەزانێ مالپەرەست

جوان پەرەستە پیری خاوەن زەق و هەرست

× × ×

نا مەچۆ، جوانێ مەچۆ، واوە مەچۆ

لۆ فریوی زێڕ و زیوی وان مەخۆ

ئەو هەوسبازانە جێی متمانە نین

هەر دەزانن گوڵ چنین و بۆی لێ برنین

١- هونەروەر: خاوەن هونەر. فارسیە

٢- لە فولکلۆر وەرگیراوە

کوردیکا
@kurdica

واوەرە ژەنی واوەرە نیزیک بە لێم
بمدەیە مەی بمدەیە مەی تا دەڵێم:
«مست مستم ساقیا دستم بگیر
«تا نیوفتادم ز پا دستم بگیر»
جا کە سەرخۆش بووم بە رەنگیکی نەوی
بۆت دەڵێم ئەو شێرە بەرزەی «مەولەوی»:
«بشنو از نی چون حکایت میکند
«از جدائی ها شکایت میکند»
گوێم رەیە ئەی دیدە مەستی قیت وقۆز
تا بنالێنم وەکوو بلوێر بە سۆز

١- شێری شاعیرێکی هاوچەرخی فارسە.
٢- شێری یەکەم مەسنەوی مەلەوی بەلخی یە

کوردیکا
@kurdica

نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر
جا چ نەی[1] بێکا چ پیاوی دەر بە دەر
بۆیە ناڵم تێکەڵی نەی کردوە
شیوەنێکم پێ یە نەی نەیکردوە
لێم گەڕێ با دەربڕم سۆزی دەروون
لێم گەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی ڕوون
شیوەنی من شیوەنی ئینسانی یە
بانگی ئازادی و گڕووی یەکسانی یە
شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە
ئەو گەلەی ماشا دەکەن لێی وەهەشە

١- نەی : لێرە دا مەبەست بلوێر وشمشاڵە

کوردیکا
@kurdica

با لە زارم بێتە دەر پشکۆی شێعر
با فراوانتر بکەم ئاسۆی شێعر
پارچە گۆشتێکە دڵی من زوو نیە
نالە نالی من درەنگە زوو نیە
دەردی دووری دەردی دووری کوشتمی
دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمی
یادی یاران و وڵاتم ڕۆژ و شەو
لێی حەرام کردم قەرار و خورد وخەو
خەمرەوێنێک لێرە من ناکەم بەدی
چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی ئەدی؟

زوو : خار ، هەردێک زۆر ڕەق .

کوردیکا
@kurdica

نابینم خاک و وڵات و شاری خۆم
نابینم ناسیاو و دۆست و یاری خۆم
ڕوو لە هەر لایە دەکەم ناوێیە بۆم
نابینم جێ ژوان و کەونەلانی[1] خۆم

دەکێشم شەوخوونی و بێ خەوی
شەو و ڕۆژ دەچێژم دەرد و داخی بێ ئەوی

× × ×

چۆن نەناڵێ ئەو دڵی پڕ هەستی من ؟
چۆن لە ئەژنۆ بینەوە دوو دەستی من ؟
چۆن نەناڵێ ئەو دڵە ئەنگاوتەیە ؟
بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە

- کەونەلان : کنایە لە جێ ژوانە
- ئەنگاوتە : پێکراو .

کوردیکا
@kurdica

ژانی ناسۆری جودائیم چێشتوە
هەرچی خۆشم ویستوە جێم هێشتوە
هەڵبڕاوم من لە یاری نازەنین
دەرکراوم من لە خاکی دڵنشین
بوومە ئاوارە و پەرێوەی دوور وڵات
کەوتمە نێو ورە داوی ڕێی نەجات
بەکرە شوونارە کەوی مووخەی چنیم
زی مەم و زینان وڵاتی لێ تەنیم
کەوتمە نێو چاڵی دیلی وەک (مەمێ)
(یا یەزین) لە کوێیە هاواری کەمێ

کوردیکا
@kurdica

کوا (قەرەتاژدین)، (چەکۆ)، و (عرفۆ) لە کوێن؟
بنیە هانام وەک پلنگی چەنگ بەخوێن
(لاسە شۆڕیک[1]) بووم غەنیمی دژمنان
ئێستە ئەنگواوم بە تیری (چڵکنان)
وام بە تەنیایی لە نێو خوێنا شەڵاڵ
کوانی عێل و کوانی (خانزاد) و (خەزاڵ)؟
زۆر لەمێژە نارە ناری منی نەبیست
هەر وەکوو (شەمزین) (شەمیلە)ی خوشویست
وەک (سیامەند)ێ لە چۆل و بەندەنێ
جەرگی لەت کردم پەلی دارەبەنێ

---

١ ئەنگوان: پێکران

کوردیکا
@kurdica

شەتلی جواناوم منی سارده‌برین
کوا «دخەجم» تا بۆم بگێڕێ گەڕەشین؟
مانگی ڕەکانوونێ بە چلوان دەرکرام»
وەک (برایم) لەو وڵاتە ڕاو نرام
کوا (پەرنجیان) بەند و باوم بۆ بڵێ؟
بۆ نەسووتێم نەبمە پۆلووی سەرکاڵێ؟
ئەو لە زۆزان من لە ئاگرێ دەژیم
کێ دەڵێ ئەمنیش (وەلی دیوانە) نیم؟

× ×

کوردەواری ئەی وڵاتە جوانەکەم!
ڕۆلەکەم! خێزانەکەم! باوانەکەم!

١- لە بەیتی برایمۆک وەرگیراوە. چلوان - چلەکانی زمستان
٢- پۆلوو: پشکۆ
٣- کاڵێ: خەرمان و کۆمەڵی ئاگر.

کوردیکا
@kurdica

ئەی ئەوانەی قەت لە بیرم ناچنەوە
ئێستە بمبینن ئەرێ دەمناسنەوە؟
ڕۆژگار هاڕیومی وەک ئەسپۆنی ورد
هێز و توانای لێ بڕیوم دەردە کورد
بوومە گەچار و دەکا گاڵتەی بە من
ئەو ڕموونەی زەندەقی چوو بوو لە من

× ×

ئەی ڕەفیقان ئەی عەزیزانی وڵات
ئەی برای هاوسەنگەری جەرگەی خەبات
گەر دەناڵێنم ئەمن پەک کەوتە نیم
تێ دەکۆشم بۆ وەصڵ تاکوو دەژیم

کوردیکا
arkurdica

کۆشیشی من زۆر بەجێیە زۆر ڕەوا
چونکە قانوونی تەبیعەت وایە وا :
«هەرکسی کو دور ماند از اصل خویش
«باز جوید روزگار وصل خویش»-١-
ڕێگە دەبڕم کوانێ هەنگاوم شلە ؟
ڕاستە بێهێزم دەکەم ئەمما ملە
هەر دەپێوم کێو و شاخ و چۆل و دەشت
دێم بەرەو کۆیستان بەرەو باخی بەهەشت
دێم بەرەو زێخ و چەو و کانیاوی خۆم
چۆن لەوانە وەر دەگێڕم چاوی خۆم ؟

١- شێعری مەولەوی بەلخی یە

کوردیکا
@kurdica

دێم بەرەو ئەو دار و بەرد و بەندەنە

دێم بەرەو ئەو باخ و مێرگ و چیمەنە

دێم بەرەو زوورک و تەلان و کەند و لەند

دێم بەرەو بژوێن[1] و زەنوێر[2] و زەمەند

دێم بەرەو پاناوک و هەواز و نشیو

دێم بەرەو ئەشکەوت و زەنزوڵ و پەیسو

دێم بەرەو بەفر و چلورە و بەستەڵەک ☆

دێم بەرەو لێر و چڕ و بەستین و چۆم

دێم بەرەو هەڵدێر و گێژ و بەند و گۆم

١- شوێنێ کەگیا و گوڵی زۆر بێ.

٢- زەنوێر - سازگار

٣- شوێنێ کەگیا و گوڵی سەری پێکەوە نابێ وەلی دابێتە یە

☆ لیسەری دووەمی لە بیر چووە بینووسێ. (سەلاح)

دێم بەرەو هۆبە و هەواری باسفا
دێم بەرەو لادێ بەرەو کانگەی وەفا
دێم ببینم نیشتمان[1] و زێدە کەم[2]
دێم ببینم خزم و کاک و دێدە کەم
دێم و دەگرم، بازی بێری شۆخ و شەنگ
دێم و دەگرم، رەستی دۆی جوان و چەلەنگ
دێم گراوی خۆم[3] لە باوەش وەرگرم
دێم نەهێڵم بەر هەڵت و بەرگرم
دێم و هەڵدەنژم شنەی کوێستانی کورد
دێم و دەچمە شەوڕێی بێستانی کورد

١- ~~نیشتمان~~ نیشتمان : شوێنی لە دایک بوون
٢- خوشکی گەورە
٣- دوست ، یار ، خۆشەویست

کوردیکا @kurdica

دێم و دەشکێنم لە وێ جامی شەراب
ماچی شیرین نایەڵێ تامی شەراب
دێم و ناترسم لە پەژنیی بەزی
هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی
تا بمێنێ نووری چاو و هێزی دێم
دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم
دێم هەتا هەبێ بیرت و بیر و هۆش
گەشم کوردەواری و ئێوە خۆش

گەلا

١٩٧٤-

کوردیکا
@kurdika

جوانی ڕەشپۆش

گوڵی: ئەی بلبل سەرمەستە کە بۆ خاموشی؟
گوتم: ئەی نۆگوڵە خۆڕسکەکە کوا دڵخۆشی؟
گوڵی: ئەی شاعیرە گەش بینە کە بۆ ڕەش بینی؟
گوتم ئەی ناسکە تەڕپۆشەکە بۆ ڕەشپۆشی؟

١٩٧٤

کوردیکا
@kurdica

تاوانی بێ هێزی

لە کۆ ئەسرین دەبارێنم لە بۆ کوردی پەراکەندە
لە گەرمێن غەرقی ئارەق بووم و چاوم هەر لە سامرەندە
منی زنجیر پێن لێرە ئەسیری بکی جوانێکم
زەمانە گەرچی ئالۆز و پەشێوە بەهوو بەندە
گوتی: «ئێوارە بازاری» وەرە ماچت دەمێ نەموبست
هەڵوێ کوێستانی کوردستانم و ناژیم بە دەستەندە
دڵم سەد هێندی دیکانە بەناز بشکێنێ دەنگ ناکەم
چ سوودێکی هەیە کێیە بپرسێ داد و گازندە؟
جیهان و هەرچی خێر و خۆشی یە بۆ هەڵبژاردانە
بە قانوونی تەبیعەت پاشەڕۆکخۆرە ئەوی گەندە

١- سامرەند: کوێستانێکی کوردستانی ئێرانە
~~گەرنە بەسەنا بووت: بۆ هەڵەوەستان~~

کوردیکا
@kurdica

ئەگەر تاوانی بێهێزی نیە بۆچی لە دنیا دا
بەشی من ماتەم و شینە بەشی خەڵکی زەمادەندە
بە مردووەش نیشانەی گوللەیە ئەو کەللە پڕشۆڕە
ئەویستاش دەرسی سەربازی دەڵێ ئەو شاعیرە ڕەندە
سەری تەعزیم لەبەر تۆ دانوێنن فەخرە بۆ رهێن
بڕی هاچی کە کێوی هیمەتت سەد هێندی ئەلوەندە

-١٢٧٤-

کوردیکا
@kurdica

نێوارەی پایز

- لە ئاسۆیەکی دوورەدەست
ئاوا بوو زەردە پاییزی
دەنگوت : بووکێکی بێ نازە
پەردە جێ دێڵێ بە زێڕی

× × ×

- پەڵە هەورێکی چڵکنە
گرتی : سووچێکی ئاسمان
گەڵای زەردی دارێک وەری
زریان بردی بەرەو نەمان

×

- جووتێک کۆتری سەر بە کڵاوە
هەڵگورماون لە سوانە یەک
دیارە لەو دەور و بەرانە
پێیان شک دێ هێلانە یەک

کوردیکا
@kurdica

پاساری لەسەر داری کۆڵان
فڕە و جیکەیان لێ بڕا
قەل فڕی ... فڕی تاوێن بوو
هەر ڕووسەشی خۆی پێ بڕا

× × ×

شەپۆلێک موستەفای بەسوز
هات و ڕابرد بە بن گوێم دا
شوێنێکی بۆ خۆی کردەوە
لە ناخی دڵی توێ توێم دا

× × ×

ئاخر کۆڵی بۆ بردە ژوور
بار بەرێکی دەرێژی ڕووت
دەرگی دوکانی گاڵە دا
مام حاجی و بەرەو ماڵ بزووت

کوردیکا
@kurdica

نازداریکی چارشێو بەر
بە تەنیشتم دا تۆ بەری
بەغار هات و توند قیژاندی
رووتەڵە یەک بە بەدفەری

× × ×

کە مێک راوەستا جا رابرد
ئەو لاوەی جارەی دەپێوا
دیار بوو خێیکی دا بۆیە
ئەو شۆخە لە بن چارشێوا

× × ×

کیژێک خۆی لە ژوور کوتلوە
دەرکەی حەوشەکەی پێوە دا
ئێز شوێنیە واری جوانی
بەدی ناکەم لەم ئێوە دا

کوردیکا
@kurdica

- تا تاریکان پەیدا دەبێ
چۆل و چۆلتر دەبێ جادە
نە دێتیە دەر کەس لە بار
نە رادەبرێ کەس سادە

× × ×

- هەوا بوولێلە، ئاو لێلە
گوڵ سیس بووە، گەڵا زەردە
تەنانەت رەنگی گۆڕاوە
ئەم دیوار و دار و بەردە

× × ×

- تەماشای هەر شتێ دەکەم
رەنگی پاییزی گرتووە
جوانی خۆی لێ شاردووەتەوە
دزێوی ریزی گرتووە

کوردیکا
@kurdica

چاوم لە ئاسمان بڕی
دڵم هێندەی دیکە گیرا
گەلێک بیرەوەری کۆنم
لە پڕ هاتنەوە بە بیرا

×××

ئارام ئارام بە لۆژە لۆژ
ئەوا بەرەو ماڵ بوومەوە
نەکەس لە پێشم دا دەڕوا
نەکەس دیارە بە دووەوە

×××

نا نا نارۆم مەلەی دەکەم
لە بنۆ دەریای مەندی خەیاڵ
دا هێنزاو ، ڕوو گرژ ، تووڕە
دڵ پڕ تاسە مێشک بەتاڵ

کوردیکا
Kurdica

ئاخ دیان روو بەڕێگ دڕا
لە ڕۆژئەژمێری تەمەنم
ئاخ دیان شەو داهاتەوە
من هەر وا دوورە وەتەنم

× × ×

ئاخ دیان چوومە ژێر بالی —
ڕەشی — شەوگاری تەنیایی
ئاخ دەبێ دیان بچێژم
ژەهراوی تاڵی جودایی

× × ×

ئاخ دیان دەبێ ڕابوێرم
لە ژوورێکی سارد و سڕ دا
دەگەڵ ئازار دەستەملان بم
تا بەیان لە نوێنی شڕ دا

کوردیکا
@kurdica

دەڕۆم، دەترسم، دەلەرزم
لە پەلاماری مۆتەی شەو
داد لە دەس ئەم دڵەی بەخەم
وای لە دەس ئەم چاوەی بێخەو

× × ×

دەڕۆم تا سەر پێکەوە نێم
دەگەڵ زام و دەرد و ئێشم
دەڕۆم تا شەوێکی پایز
من شەوێکی بخوونی بکێشم

× × × ×

دوور قاقایەکم گوێ لێ بوو
دەنگوت: گوللەم پێوە دەنێ
چۆن بە ئێوارەی پایزێش
ئەوا هەیە پێ بکەنێ

کوردیکا

خەیاڵم ببوو بە وەشە
نەمزانی کەس بە دووامەوە
دەنگێکی لەرزۆک و نەرم
بە سپای جوابی دامەوە:

×××

بە لێ هەن و یەکجار زۆرن
بازرگانی فرێسک و خوێن
بە لێ هەن و پێدەکەنن
بە سەرهەش بە مل بە کوێن

××××

بە لێ هەن و پێدەکەنن
بە من، بە تۆ، بە هەزاران
بە داخی باوک کوژراوان
بە هەنیکی هەتیوباران

کوردیکا
@kurdica

بە نەزانی ، بە نەخۆشی
بە تاریکان ، بە شەوەزەنگ
بە زنجیر ، بە تەناف ، بە دار
بە گرتوخانەک تەڕ و تەنگ

× × × ×

بە بۆکردوز ، بە چڕەدووکەڵ
بە هاڵاو ، بە گڕ ، بە ئاگر
بە تەم ، بە مژ ، بە هوڕە ، بە دۆک
بە تۆفانی وڵات داگر
بە بوولەزە ، بە ڕەشەبا
بە سووتان و زیان و زەڕەر
بە هەرچی خراپ و شووم
بە گشت دەسکری خودای شەڕ

کوردیکا
@kurdica

رد به ناڵه، به کوڵ، به گریان

رد به سینگ کوتان، به روو رینین

رد به به‌رگی ره‌ش، به چاوی سوور

رد به گوڕخانه، به کوڕی شین

× × ×

رد به که‌لاوه، به کونده‌بوو

رد به دیواری ده‌ره‌س هێناو

رد به داوێنی تیتوڵ تیتوڵ

رد به ئانیشکی پینه کراو

× × ×

رد به نووکه نووکی بێوه ژن

رد به هانه هانی ماندووان

رد به زیره زیری منداڵان

رد به نووزه‌ی نیوه زیندووان

کوردیکا
@kurdica

جه للادان

رد به ئه‌ژده ئه‌ژدی

رد به قرمه قرمی شه‌ست تیران

رد به ویژه ویژی قه‌چیان

رد به ئه‌شکه‌نجه‌ی روونا کبیران

× × ×

رد به چلکی یه‌خه‌ی گریکار

رد به که‌می سه‌رشانی جوو تیژ

رد به پیچه و روو به‌ند و به خه‌نجه‌ر

رد به یه‌ک نه‌بوونی مێ و نێر

× × ×

رد به قه‌له‌می به‌زیوی ، کول

رد به زمانی له بندا براو

رد به داخراوی فیڕگه

رد به ده‌رگی ده‌فته‌ری دراو

رد به کتێب و

کوردیکا
arkurdica

ئەوانە دا

ئەی لە قامووسی نەمادە

ئەی بەزەیی مانای

ئەی بێزیان لە بزە هەڵدەستێ

ئەی وازیان لە خۆین و زوخاوە

× × ×

ئەی هەر دڵۆپی خۆینی لاوێ

یاقووتێکی سووره

ئەی بۆ وان یاقووتێکی کێژێ

ئەی هەر تکەی فرمێسکی

ئەی بۆ وان مرواری بەرمووره

× × ×

ئاواران

ئەی هەناسەی ساردی

ئەی کۆشکی ئەوان گەرم دەکا

ئەی لەشی رەق و زگی برسی

ئەی جێ پاروویان نەرم دەکا

ئەی ملوانکە! گەرد بە ند

١- بەرمووره : مەلوانکە!

کوردیکا
@kurdica

ئەو سەرمایە وان لە گەڕ دابێ
ئەو گیرێ
ئەو با زۆر دەرک بە قوڕ
ئەو دۆلار لە بڕەو نەکەوێ
ئەو با کۆڵەوار بێ داپڕێ

× × ×

ئەو دەبا خوێن بێ و سەران بەرێ
ئەو چەرخی گارگەیان بگەڕێ
ئەو پێدەکەنن ، پێدەکەنن
ئەو بە بێسەی ئاگری شەڕێ

× × ×

گوتم : ئەو کە وا بوو ئاشنا !
ئەو بەشی ئێمە لە بێنو چوونە
گوتی : ئەو نا نا دوور نبوایە
دوور نبوایە ئاسۆ روونە

١٩٧٤

بەرەو ئاسۆ

سۆفی گۆشەی خانەقا بودم ئێستە پیری مەیکەدەم
زاهید خەلوەت نشین بودم ئێستە مەست و مەیزەدەم
سەروی ئازادیش لە بار و دلکەش و بەزە بەلام
گیانەکەم! من شێت و شەیدای لار و لەنجەی ئەم قەدەم
جیلوەی جوانی لە هەر چی دا هەبێ خۆشم دەوێ
ڕۆژێ کوشتەی مینی ڕۆپ و ڕۆژێ گیرۆدەی شەدەم
هەر یەکەی بۆ خۆی دەجوو لێنیە دە هەتا دەروون
زەردە پەڕ، کاروانکوژە، تاریک و ڕوونی سوجدەم
ئاسمانی ساو و دەریایی مەند و تاریایی چیا
سێوی لاسوور و بەهێی زەرد و هەناری گول بە زەم
کێ وەکوو من سارد و گەرمی ڕۆژگاری چێشتوە؟ گەدەم
گا لە دەشتی گەرمەسێر و گا لە کوێستانی گەدە!

گوێستانێکی بە ناوبانگی کوردستانی شێرانە

-١-

وەک شەپۆلی زێی خوێم ساتی هەڵدانم نیە
گێژ دەخۆم و پێچ دەدەم، من ڕۆڵە کوڕی ئەم سەدەم
ڕێگە سەخت و پڕ لە کەند و لەند و هەڵدێرە و گەوە
هەر دەبێ ببزووم، دەبێ بکێشم، وچانی لێ نەدەم
سێبەری هەرگیز لە پێشدایە و بەرەو مەنزل دەڕۆم
ناخی گۆڕی تەنگە جێگام هەر تلاسا بێ قەدەم
من بەرەو ئاسۆ بەرەو ڕووناکی باڵم باڵم گرتوە
چۆن بەرەو تاریکی دەخشێم باڵ وە شەتیانی دەدەم
کانی ڕووەم دی بە لیشاوی بەهار شلوێ نەبوو
بەفری گەورەم دی چیای گرت و بە تاوێ بۆە قەدەم

هەڵدان : ڕۆقرە گرتن .
گەوە : پێچ کێو
تلاسا بوون : هەڵخلیسان
قەدەم : ئەو هەڵەی لە بەفری بەر هەتاوی گەرم هەڵدەکەی
شلوێ : گۆڕان ، کانی شلوێ بوو ، کانی قوراو بوو ، ڕەنگی گۆڕا تێک چوو
پیاوەکە شلوێ بوو

کوردیکا

٤٤

ژینی کوڕم دی پڕا و پڕ بوو لە شانازی و شەرەف
عومری زۆرم دی کە دوایی هات بە ڕسوایی و نەدەم
ئاگری سینەم بڵێسەی دێ و وڵات ڕۆشن دەکا
گەو دەمەی خۆم وەک دڵۆپێک دەچمە نێو دەریای عەدەم

١٩٧٥

کوردیکا
@kurdica

جوان ناسووتێ

دێم کچێکی لەباری لادێ یی
بۆ ئووێژ رادەچا بەرەڵەبێنێ
گوتم : دە ئەی نازەنین کە رووخسارت
دە هەموو باخی بەهاری خوا دێنێ
دە بۆچی پێت وایە ئەو خودا گەورە
دە هێندە بێ زەوقە تۆش لبووتێنێ ؟ ؟

١٩٧٥

کوردیکا
@kurdica

سازی ناساز

بلبلی باڵ شکاوی ، وەختی گوڵم
هەر شەپۆلان دەدا دڵی لەکوڵم
کوردی بەندی بەیانی نەڕۆزم
گری گرتوە دەروونی پڕ سۆزم
مۆغی[1] بێ ئاگری شەوی یەلدام[2]
چاوەڕێی چارەنووسی ناپەیدام
کەوی بێدەنگی نەو بەهارانم
گوڵی بێدەنگی چاو لە بارانم
کونجی جێ ژوانی چۆل و خامۆشم
سێبەری نازەنینی ، لە شپۆشم

١- مۆغ . پێشەوای دینی زەردەشتی .
٢- یەلدا . درێژترین شەوی ساڵ

کوردیکا @kurdica

دەستی بەربووی کچی گەڕی شائیم
هەستی خنکاوی لاوی سەوداییم

کێلی گۆڕی شەهیدی گومناوم
تاکە داری کڕووزی بێ ئاوم

دەفتەری شێعری شاعیری ڕووتم
شەمی سەر گۆڕ و داری تابووتم

کونی گیراوی کۆنە شمشاڵم
خەونی ئاڵۆز و خاتیرەی تاڵم

ژیلەمۆی ئاگری بەیانم
باوکی فرمێسکم و کوڕی ژانم

کوردیکا
arkurdica

باڵه ووتاوه‌کانی پەروانەم
شووشه بادەی بەتاڵی مەیخانەم
چله ڕیحانی دوورە دێڕاوم
سازی ناسازی هەڵپەسێڕاوم
تکه ئاونگی سەر گەڵای زەردم
خەستە و دەردەداری چی دەردم ؟
ئاخرین تیشکی خۆری پایزم
شاعیری پیری تووڕە و زێزم
چۆن دەتوانم بە تۆ بڵێم من چیم ؟
خۆم گومانم هەیە کە هەم یا نیم ؟

١٩٧٥

کوردیکا
@kurdica

ماچی خودایی

وەرە یارم وەرە ئەی تازە یارم !
وەرە ئەستێرەکەی شەوگاری تارم !
وەرە ئەی شاپەری باڵی خەیاڵم !
وەرە ئەی شەوچرای رووناکی ماڵم !
وەرە خاسەکەوی رام و کەوی من !
وەرە ئیلهامەکەی نیوەشەوی من !
وەرە ئۆخژنی سینەی پڕ گری من !
وەرە پیرۆزەکەی بەرزەفری من !
~~وەرە ئەی ژنی باڵی چاک~~
~~وەرە ئەستێری تەری پڕ ورەکاری~~

کوردیکا
@kurdica

وەرە ئاونگی سەر پەلکی گوڵی سوور!
وەرە ئاورینگی گەرم و مەشخەڵی نوور!
وەرە ئەی ژیرنە بارانی بەهاری!
وەرە شێعری تەڕی پڕ وردەکاری!
وەرە ئەی نەونەمامی باخی ژینم!
وەرە ئەی شاگوڵی مێرگی ئەوینم!
وەرە کاروانکوژەی کاتی بەیانینم!
وەرە بیرەوەری و ئاواتی جوانیم!
وەرە ئەی بوت لەتاکوو بت پەرستم!
وەرە مەمکوڵەکەت بگرم لە مستم!

ئاونگ: شەونم
ئاورینگ: پرشنگی ئاگر.

کوردیکا
@kurdica

وەرە ئەی (خەج) وەرە ئەی (خاتووزینم) !

وەرە با بەژن و باڵاکەت ببینم !

وەرە با دامێن ئاوات و تاسەم !

وەرە با بسکەکەت لادا هەناسەم !

وەرە با هەڵمژم ئەم لێوە گەرمە !

وەرە با هەڵگووشم ئەم ڕانە نەرمە !

وەرە جوانێ وەرە نازت بکێشم !

وەرە وەک دەستەگوڵ دات نێم لە پێشم !

وەرە با بەس بکەم ئەو باوە باوە !

وەرە با بێن بکەم ئەم بسکە خاوە !

کوردیکا
@kurdica

٥٠

وەرە با دەس لە باڵاکەت وەرێنم !

وەرە کوڵمەم لە کوڵمەی تۆ خشێنم !

وەرە سوور بە لە سەر وادە و بەڵێنی !

وەرە کورد بە و مەکە پەیمان شکێنی !

وەرە گیانم فیدای چاوی ڕەشی تۆ !

وەرە با هەست بکەم گەرمی لەشی تۆ !

وەرە ماچم دەیە ماچی خودایی !

کە بێزارم لە ماچی سینەمایی !

١٧ / ١١ / ١٩٧٦

کوردیکا
@kurdika

دەستی تەزیو

حەیفە ئەو دەستە کە گوڵزاری دەنەخشاند بشکێ
حەیفە ئەو دەستە کە دڵداری دەگەوزاند بشکێ
حەیفە دەستێ کە بە لەرزی و بە تەزیوی دەرسان
دژمنی ملهوڕی زۆرداری دەلەرزاند بشکێ

١٩٧٦

کوردیکا
@kurdica

٥٤

کوانێ ؟

کوانێ ئەو پەنجە کە توندی دەگوشی مەمکی توند ؟
کوانێ ئەو پێیە کە ڕۆژانێ دەچوو گوندا و گوند ؟
کوانێ ئەو چاوە کە هەر جوانی دەبینی وچیدی
کوانێ ئەو بیرە کە هەڵدەفڕێ بەرەو بەرزی و دوند؟

-١- شوێنی لە هەموو شت دا.

-١- بەرزترین دوند !

کوردیکا
@kurdica

جوانی بەس نیە

جوان پەرستم ، جوان پەرستم
بە دیداری جوانان مەستم
کە دەبینم کێژی تەرپۆش
فەراموشم دەکەم
گشت خەمێ
کە کێژێکی جوان دەبینم
سارێژ دەبەوە بریم
کە دەبینم لەنجە و لاری
هەست ناکەم بە چ ئازاری
کە نازداری را دەبری
دڵی سارد بووەوە گڕ دەگری

کوردیکا
ekurdica

٥٤

که چاو له چاوی ده‌برم
ده‌فڕم
به ئاسمانی دا
که ڕێگ ده‌کوشم به‌نجه‌ی نه‌رم
له‌شی سڕم ده‌گ گه‌رم
بزه‌ی شیرینی سه‌ر لێوت
هه‌ستی پیراندم ده‌بزێوت
نازی شۆخیگی نازه‌نین
~~ده‌جاته~~ ده‌مباته به‌هه‌شتی به‌رین
پیرم له به‌رم ده‌ڕوێن
که‌چی چم هه‌ر خۆش ده‌وێن

کوردیکا
@kurdika

کچ ئاواتی پیرۆزمن
خۆشی دڵی پڕ سۆزمن

کچ نووری دیدە و چاومن
بەندی چرگ و ڕووناکایی ژینمن
کچ هەتوانی بڕینمن

×××

بەڵام هەی تف لە کیژی وا
ماش لە گەڵی خۆی بکا
بێزم لە جوانی هەڵدەستێ
زێدە و گەڵی نەپەرستێ
ژیانی هەوا و هەوەس نیە
جوانی بە تەنی بەس نیە

٥٦ پەرستاری ڕەشۆش

پزیشکم شەرمەزار بووە کە نەتوانی بکا چارم
دەبێ هەیوام بە مان چەن بێ کە ڕەشۆشە پەرستارم
دەڵێی چۆنی؟ چلۆنت تێ گەیەنم دەرد و ئازارم
بە ساغیش نەتوانی هەستی من دەر ببڕی گوفتارم

١٩٧٦/

کوردیکا
kurdica

٥٧ چاوێلکە

لەو دەمەی را دڵم لێ داوە بۆ ژوان
من دێوانەی چاوی جوانم چاوی جوان
گەرچی خەڵکی وڵاتی چاوجوانانم
چاوی جوانم نەدی تێر بە چاوانم
کەتا لاو بووم چاوی جوانم لێ ون بوو
پەچە و روو بەند و چارشێوم دژمن بوو
ئێستا پیرم و کەوتووەتە ئاوێلکە
چاوی جوانم لێ ون دەکا چاوێلکە

٢٠/١/١٩٧٧

کوردیکا
@kurdica

خۆزگە

خۆزگە وەک خۆر نەمدیبایە شەوی تار
خۆزگە تاوێ ڕامنەبوارد بایە بێ یار
خۆزگە پیری کەلەلای نەدەکردم
خۆزگە لە یەکەم ژوانگەم دا دەمردم

١٩٧٧

کوردیکا
@kurdica

٥٩ عیشق و ئازادی

ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر
کەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخم دا خەمێکی تر
لە بادە ئەم ئەرەمە تێر کە منی تێنووی جگەر سووتاو
بە چی دایە کە دەبینم شەوێکی تر ئەمێکی تر ؟
ئەوەندە دەردەدار و بێ پەرستام کە پێم وایە :
لە سەر کێکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر
گەلێکم ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابوارد ئاخۆ ؟
مەرگ مەودا دەدا دەیان ببینم سەردەمێکی تر
گەیشتمە سەر تروپکی ئارەزوو ڕۆژێ کەچی ڕوانیم :
لە پێشم دایە زەرد و ماه و سەخت و ئەستەمێکی تر

کوردیکا
@kurdica

هەتا چاوشێو بە سەر تۆوە دەبینم تازە نینی کورد
بە سەر بیبیلەکەی چاوی منا دەکشێ تەمێکی تر

نەما خانی هەتا چرۆکی عیشقی ئێمە دارێژێ
دەنا هێشتا لە کوردستان دەژین زین و مەمێکی تر

بە پوولەی خۆشەویستی من لە شوێنێ ناگرێ ئارام
دەنێژێ و باڵی دەبزوێ لە سەر سینە وەمێکی تر

هەزار هێندە پەریشان و سیاچارە بژیم هێشتا
لە نێو دڵدا هەمە ئاواتی خاڵ و پەرچەمێکی تر

لەتاکوو دوا پشوو ڕێبواری ڕێگای عیشق و ئازادیم
تەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر

کە فرمێسکم لە سەر خساری کژی دڵشکاو بنێی
گوتم : یاخوا لە سەر سوورگوڵ نەبینم شەونەمێکی تر
شەوێکی چاوەنوارت بووم نەهاتی گیانەکەم وەستت
منی دڵناسکی شاعیر بگێڕم ماتەمێکی تر
خەریم بۆ تەمەن شیت بم بە کانی ژنێ دانوودم
ئەوەندەم ژین دەوێ تا دەم دەنێمە نێو دەمێکی تر
بە کۆ چارەی چلۆن دەکرێ دەروونی پڕ لە ناسۆرم
خەساری بۆ دەکەی دوکتۆری زانا مەرهەمێکی تر
بەهار و گوڵ ماکچ و مانگەشەو وشێعری تەر و بارە
لەوەی زیاتر چەنابی شێخ گەرەکتە عالەمێکی تر

١٩٧٧

کوردیکا
@kurdica

سووڕی دەوران

زەمانی زوو لەبوو سیرکی زۆردار
دزێو و دڵڕەق و خوێنڕێژ و لاسار
دڵی خۆش بوو بە ئازاری هەژاران
بە دەس ئەو چوون هەزاران و هەزاران
قەی خۆشی دەگەڵ خەڵکی جووێن بوو
هەمیشە تیخی جەللادی بە خوێن بوو
سەری زۆر لاوی جوانچاکی بڕی بوو
زگی زۆر پیاوی دڵپاکی دڕی بوو
رق و قینی لە نێوچاوان دەباری
دزی و سووتان و کوشت وبڕ بوو کاری

دزێو : ناشیرین
سووتان : ئاگر تێبەردان

کوردیکا
@kurdica

بزەی هەرگیز نەبینرا بوو لە سەرلێو
دەغەزەی[1] وەک یەکانە[2] و بڕەکی[3] کێو
دڕندەی هار و ماری بێ ڕەزا بوو
لە تاڵان و بڕۆیە شارەزا بوو
لە ترسانی وڵات پڕ ترس و ڕەو بوو
ڕموورنە[4] تاریکان و خێوی[5] شەو بوو
گڕوو گریان بە ناوی ئەو دەکرد ژیر
لە وی تۆقی بوو هەم زارۆک و هەم پیر
مەکۆی جەردە و چەتان بوو دیوەخانی
غولام و نۆکەری بوون نانی نانی

---

١ - غەزەن : مان گرتن ، بە تایبەتی مان گرتنی بە ڕاز
٢ - یەکانە : بەرازی نێری یاخی
٣ - بڕەک : بەرازی نێر .
٤ - ڕموورنە : شتێکی ئەفسانەی بە سام و ترسناک
٥ - خێوی شەو : خودای شەو ، خاوەنی شەو .

لە وی بێزار بوو ئینسانی بە ناموس
تەشی ڕێس[1] بوو لە دەرکی ئەو زانلووس
دەیانکرد خزمەتی وەک دیل و بەندە
هەتیوەچە و سەرسەری و سۆدرە و سەهەندە
لە هەق بێزار و دڵبەستەی ڕیایی
بەکەم تۆ چێنی کێڵگەی بێوەفایی
نەیاری چاکە و یاری خراپە
خەزینەی کون بڕ و شاری خراپە
پەڕی قاموس ئەوان کرد بوو داگیر
وشەی دار و تەناف و کۆت و زنجیر

١- تەشی ڕێس : کنایە لە ڕیابازی یە ،

کوردیکا
@kurdica

دژمنی

بە راستی ملهوڕێک بوو گەل
لە بەر ئەو کەس نەیدەوێرا بڵێ لە ل
خودا رازی بوو لێی ئەما خودای شەڕ
لە خەڵکی بەر ببوو وەک گورگی نێوەڕ

× × ×

بەڵام کێشرێکی بوو ئەو گەنە پیاوە
کە دەنگوت : خوشکی ئاونگ و خوناوە
لە بارێ ، نازە نینێ ، کوڵمە ئاڵێ
نیگارێ ، دڵرفێنێ ، چاوکەژاڵێ
بەژن باریک و باڵا بەرز و تەڕپۆش
یەسک سووک و رەزا شیرین و ڕووخۆش

کوردیکا
@kurdica

هەنی[1] جوانتر لە مانگی ئاسمانی
پەری رەشدالی بوو ئەبڕۆی کەمانی
بەک رەشتر لە ڕۆژی ژیرچە پوکان
پەشیواوی کە ژیری بۆ پەشۆکان
کەزی[2] خاوتر لە خاوی[3] لانەواڵە
لە شەرمی کوڵی سوور بۆوە گوڵاڵە
ئەوی تیری ئەوین جەرگی نەکوڵی
نەبوو ئاگای لە پێکانی مژۆڵی[4]
بزەی دەرمانی دەردی دەردەداران
وشەی وەک بەختەبارانی بەهاران

١- هەنی : تەختی نێوچاوان
٢- کەزی : پرچ ، پرچی هونراوە
٣- خاو : گیایەکی کوێستانی زۆر نەرم
٤- مژۆڵ : برژانگ ، مژانگ

کوردیکا
kurdica

سەمای پەریانە دەنگوت لار و لەنجەی
پەری گوڵ دەپەشاندن دەست و پەنجەی
کوڕەی لەردی دەهێشا گوێ مەمانی
لە لای وەی تامی دەسبازی دەزانی
لەبوو شێوەی لە بابی خۆی جودا بوو
فریشتەی پاکی و خێری خودا بوو
تەبیعەت ئەو کڕەی وا ورد تەنی بوو
خودای جوانی لە خۆشیانی خەنی بوو
دەگەڵ ئەو جوانیە خاوەن شەرم بوو
دڵی زۆر نەرم و خوێنی زۆر گەرم بوو

دەبوو جێی ئەو بەرزتر بایە لە هەوران
کەچی دەژیا لە ژووری ماڵی گەوران
دەبوو چەتری سەری باڵی هوما با
نەوەک ئاوا لە رووپۆشێ خزا با
دەبوو سواری قەڵاندۆشی هەڵۆ با
لە بەرزایی چیا دا سەر بەخۆ با
نەوەک لێی داخزا با دەرکی هەوشە
ژیا بایە لە نێو ئەو غەور و خەوشە
دەبوو ژوانگەی لە کن راوگەی کەوان با
نەوەک وا چاو لە رەتی دەرکەوان با

کوردیکا
@kurdica

دەگەڵ پێڕوو -١- بکا ڕاز و نیازێ
گەلاوێژی بە هاوڕازی بنازێ
بکا سەیرانی زەرد و ماه و ڕازان
لە خەو ڕابێ بە سیرەی سەرو بازان
گزنگ بنگوێ کوڵمەی ئاگرینی
شنە ببزێوێ بکی پڕ لە چینی
دەگەڵ گوڵ پێکەنی فێنکی بەیانی
سەراسەر پڕ لە خوشی بێ ئەیانی
دەگەڵ بولبول بڵێ حەیران و بەستە
خەڵک شەیدا بکا بەو شۆڕ و هەستە

پێڕوو : ئەستێرەی کۆ.

کوردیکا
@kurdica

دەبایە چێژی ئازادی بچێژێ
نەوەک فرمێسکی نامرادی بڕێژێ
بە ئاونگێ بشوا رووخساری پاکی
لە پاکان وێ نەبێ دیداری پاکی
دەبوو بکوشێ دەس و پەنجەی لە گوێدەن
ڕد کوڕی «دیواندڕی» بەند هەڵبڕی، ڕەند
دەبوو جووتی ژیانی هەڵبژێرێ
نەوەک باوکی بە سەوقاتی بنێرێ
قەفەز زیندانی تاوسی شۆخ و مەستە؟
کچی جوان و لەبار و دەرکی بەستە؟

کچی بێ بەش لە نێو بورج و قەڵا دا
دەپەڕە ئەمما لە دوڕ[1] دوڕچی بەڵا دا
دەبا هەر ئەڵماس و دیبای لە بەر بێ
کچێک ڕوو بەستە و چارشێو بە سەر بێ
بڵا پاژنەی لە زێڕ بێ کەوشی جوانێ
کە دانرا بێ لە دەرگی دەرکەوانێ
بە کاری چی دێ خشڵ و زێڕ و زێوەر
کچێکی نەشتە نێو خەڵک و جەماوەر
بە کار نایە بەرگی جوان و مومتاز
کچێکی چاوی دور دابێ وەکوو باز

١- لە دوڕ ؛ لە نێو.

کوردیکا
@kurdica

لە ژاری تاڵترە خۆراکی چەوری
کچێک وەک ڕۆژ نەیەتە دەر لەهەوری
سیاچاڵی کچانە کۆشکی میران
هەزار خۆزگە بە کاولاکی فەقیران
بە قانوونی تەبیعەت ناژی بێ جووت
ئەوی ئینسانە جا دارایە یا ڕووت
کچی میر و گەدا دڵیان هەیە دڵ
دڵیش ناکا لە دڵداری و ئەوین سڵ
ڕەبەن تامی ژیانی چۆن دەزانێ
ئەگەر ڕێم شی بگاتە ئاسمانێ

کوردیکا
@kurdica

لحیاب

کەسێک جووتی نەبوو خۆشی نەبینی
بەهەشت ناهێنێ ڕۆژێ دێر نشینی

کەسێکی ژیانی بێ ژوان رابوێرێ
هەموو ژانی جیهانی پێ دەوێرێ

ئەوین سایەی ژیان و بوون و مانە
ئەوین رایگرتوە دەوری زەمانە

ئەوین نەبوایە پێی ناوێ نجوێ سوێد
جیهان چۆڵ بوو پە پووش تێی دانەدە خوێد

ژیانی بێ ئەوین دەشتی نەبوونە
لە سایەی عیشقە ئەم دنیایە ڕوونە

کوردیکا
@kurdica

ژیانی بێ ئەوین گشتی زیانە
کچێکی نەیخوارد فریوی ئەم ژیانە
وە دووری دڵ کەوت و پچڕی بەند و پێوەند
دڵی خۆی دا بە لاوێکی هونەرمەند
هونەرمەندێکی پاکی بەرزە ئاکار
کە جار جار ڕێی دەکەوتە ماڵی خونکار
هونەرمەندێ کە هەر نەغمێکی تاری
گرە و ئاورینگ و پشکۆی لێ دەباری
هونەرمەندێ کە دەنگی پڕ خۆشی
بە بەندێ دەیپەراند دەرد و نەخۆشی

~~ئەم هەڵبەستە ئاماژە بە یەکەم ئاگرانی کە لە ئاسمانی~~
~~سوحەیلە~~

کوردیکا
@kurdica

هونەرمەندێ کە هەستی ئاگێن بوو
دەروونی پڕ لە ناسۆر و برین بوو
هونەرمەندێ کە سووتاوی ئەوین بوو
هەموو ئەندامی سۆز و تاو و تین بوو
هونەرمەندێ کە زارەی دەرد و خەم بوو
~~دەروونی پڕ لە نا~~
زەدەی دەستی ڕەشی دێوی ستەم بوو
هونەرمەندێ بە زگ برسی و بە چاو تێر
لە شەڕ بێزار و دۆستی ئاشتی و خێر
هونەرمەندێکی عەسری فیئودالی
دڵی پڕ بوو بە ئاڵم گیرفانی خاڵی

فیئودالی : دەرەبەگایەتی

شەوانی بەزم و شایی و شەونشینی
لە درزی پەردە یەکتریان دەبینی
کە تێک دەڵقا نیگای پڕ گوفتوگۆیان
دەیاندرکاند بە سانی ڕازی خۆیان

× × ×

کوڕێکی سەودا سەری کێژێکی ئەمیر بوو
لە داوی خۆشەویستی دا ئەسیر بوو
ئەوین نابینێ بەیتی قەوم و دنیان
ئەوین نازانێ فەرقی کوڕ و چینان
ئەوین دوو دڵ دەکا مەفتونی یەکتر
لە کن ئەو وەک یەکن ئیلام و گاور

کوردیکا
@kurdica

ئەوین خاتوو زولێخای نەرم و هێدی
دەکاتە دیلی عەبدی زێڕ خزیدی
ئەوینە شێخی سەنعانی غەریب زان
دەکاتە گاور و شوانی بەرازان

× × ×

ئەگەر خاتوون گرفتاری ئەوین بوو
ئەوینی لاوەکە زیاتر بە تین بوو
گڕی گرتبوو دەروونی پڕ لە جۆشی
لە تاوانی نەما بوو هۆش خۆشی
لە سوێ ئەو شۆخە گوترەی لێ برا بوو
لە ژین دا ژان و ئێشی پێ برا بوو

کوردیکا
@kurdica

ئەوینی ئەو دووانە دوور بە دوور بوو
کە دیواری قەڵای میری سنوور بوو
سنوور و شوورە و تامان و پەرژین
لە تامەزرۆی ئەوینێ تاڵ دەکەن ژین
قەڵا سەخت و حەرەمخانە پڕا و پڕ
دەرک گاڵە دراو و دەرکەوان دڕ
مەگەر باڵدار بە سەر کۆشکا فڕی با
مەگەر لێشت دڵی شوورەی دڕی با
مەگەر ڕۆژێکی بەزمی بایە خونکار
کوڕیشیان بردبایە لێ بدا تار

١- لێشت : لافاو ، سێلاو ، کۆنان

کوردیکا
@kurdica

لە دزی پەردە دیبای بەژنی یاری
لە سیحری تێ پەڕاند با سۆزی تاری

× ×

زەمان رابرد پتر بوو هەستی دۆستی
بەڵێ هەستە ، کە میر نایەن دەڕۆستی -١-
لە دەوری هەستی کەس ناکێشێ شوورە
خەیالیش شارەزای پشتی سنوورە

× ×

هەرسان بوو کچی میری بە حاری
گوتی : دە بە سیەتی با راسپێرمە یاری
دە ژنیکی راسپاردە کن هەونەرمەند
دە ئیتر ئەو بێ بەش و سووتانە تا چەند ؟

-١- دەڕۆستی نایەن : چێی ناوێرن

ئەی دووری نەخوێن هەرچی دەبێ بێ
دەبا بێ و بڕۆێن هەرچی دەبێ بێ
وەرەز بووم لەو ژیان و پنج و مۆرە
بە ئازادی بژیم تاوێکی زۆرە
هەموو ژێر و جل و نۆشین و خواردن
فیدای تاوێ دەگەڵ ئەو رابواردن
هەتاکەی مەینەتی دووری بچێژین
هەتاکەی بووکی ئاواتمان بنێژین
هەتا کەنگێ خەیاڵ بگرینە باوەش
بلەرزێنێ هەمچورکی بێ بەشی لەش

کوردیکا
@kurdica

هەتاکەی ئەو نەبینم تێڕ بە چاوان
لە سەر من داخرا بێ دەرگی باوان
هەتاکەی داخرێ سینگ و بەرووی من
هەتاکەی نەشکێ تاسە و ئارەزووی من
دەبا بێ و رووبکەینە دوور وڵاتان
نەچاتم دا لە نێو شووره و قەڵاتان
ئەگەر مەردە، بە جەرگە، پاکە، سەرباز
دەبا بێ و من بکا لەو بەندە دەرباز
نزا و پاڕانەوە و گریان و ناڵە
چ سوودێکی هەیە نوشتەی بەتاڵە

کوردیکا
@kurdica

«نەبێ پاکی لە خوێری دیوەخانان
دربە پیاوان ڕێنیە دەر گەوهەر لەکانان
«بە زۆر بشکێ دەبێ دەرکی قەڵایە
«دەنا ئەو دەرکە بۆ کێ ئاوەڵایە»

+ + +

ئەوەی بیست لاو و گەشکەی گرت لە ئاوان
گوتی : «ئامادە و سازم بە چاوان
«دڵم ناوێ نەبێ قوربانی نازی
«سەرم ناوێ نەبێتە بەردە بازی
«ئەوا بۆی ئاوەڵایە باوەشی من
«بە بۆ من کە ئەو بێتە بەشی من

کوردیکا
@kurdica

«لە ڕێی ئەو دا بەخت کەم گەڕیام
«بە سەربەرزی و بە شانازی دەزانم
«لە پێناوی ئەوا گەر بچمە سەر دار
«لە ژێر پێم دا دەبینم مەزن و سەردارم

× × ×

«شەوە زەنگێ بە زەبری زێڕ و بەرتیل
«کراوە دەرگی زیندان بۆ کچی دیل
«کچە گۆڕیەوە کۆشک و تاج و تەختی
دەگەڵ ئازادی و ئازار و سەختی
بە جووت ڕۆین دەگەڵ یاری وەفادار
بەرەو مولکی مەوین و ژیانی ساکار

کوردیکا
@kurdica

سنووریان هەڵبوارد و چوونە شاری

لە وێش فەرمانڕەوا نا بەکاری

لە وێش میرێکی زاڵم کار بەدەس بوو

لە وێش بێ چاو و ڕوویەک دار بەدەس بوو

لە وێش زیندان و بەندیخانە پڕ بوون

گزیر و پاسەوان شوێنگیر و دڕ بوون

لە وێش هەر سەربزێوی باکی سەر بوو

لە وێش دنیا بە کەیفی بێ هونەر بوو

لە وێش ناڵەی پیاوی بازاری گەرم بوو

لە وێش باو باوی پیاوی بێ شەرم بوو

کوردیکا
@kurdica

لە وێش پیسکە و درۆزن کاری باش بوو
لە وێش مەردایەتی و پاکی لەپاش بوو
کوڕ و کیژی لەباری پاکی ساکار
لە ڕێی ژینا لە وێ بوونە کرێکار
لە بۆ نانێک و بۆ یەک تۆزە پێخۆر
یەکیکیان بۆو بە پاڵە یەک بە جلشۆر
ئەگەر چی ڕۆژ گران بوو ئەو ژیانە
بەڵام کەیفی هەبوو بەزمی شەوانە
بە ڕۆژ ئاوارە بۆ پێخۆر و نانی
بە شەو دەستەملان بوون تا بەیانی

کوردیکا
@kurdica

لەشی ناسک کە ئازاری دەبینی
زمان دەیگوت ژیان چۆن نازەنینی ؟
لە دنیا دا نەبینرا نۆشی بی نیش
کەسێک خۆشی دەوێ حازر بێ بۆیش

× × ×

ئەمیریان کرد کە لەو کارە خەبەردار
بە خۆی دا دا وەکوو وەچی برینیار
بە رق دا چوو بە ناهەق خوێنی ژیان
گزیر و دەرکەوانی گرت و کوشتن
لەمیشە دەیگوت ؛ ئەی لەو ئابروو چوونە
لاشی وا نەبووە وێنە و نموونە

کوردیکا
@kurdica

دد کچی من بێ بە جووتی بۆرەپاوێ
دد دەکوژرێ خۆی لە ماڵی کابە باوێ
دد دەبێ من چۆن بژیم و چۆن بمینم؟
لە نێو هاوشانی خۆم دا سەر هەڵینم
دد کچی من هەڵگرن وەڵلاهی جوانە
دد کچی من بۆ کچی گاوان و شوانە؟
دد لە نێو مسکینی خۆم دەبە پلیتە
دد نە کوژم ئەو هەتیوە و ئەم سەلیتە
دد نەیانهێلم دەبێ لەو سەر زەمینە
دد لە شانم دا دەرم ئەو پینە شینە

کوردیکا
@kurdica

دد وەکار خەم دەستەڵات و هێزی زۆرم
دد بە خۆیێ ئەو پەڵە نەنگە وەشۆرم

× × ×

بە ڕێی کردن گەلی شەیان و شووفار
هەتا بیکەن لە حاڵی وان خەبەر دار
کولەی شوێنگێری بەردانە مۆڵ و مۆ -١-
وەکار کەوتن لە ڕاوێچکە و لە بابۆ
چ ناپیاون ئەوانە سوود پەرستن
ژری خاوەن دڵی شەیدا دەوەستن
چ سپڵەن ئەو سەگانەی گورگەمێش
کە لاک پۆ گورگی برسی ڕادەکێش

١- بابۆ : بۆن هەڵگرتنی کولە
٢- گورگەمێش . سەگێک کە هاوکاری گورگ بکا

کوردیکا
@kurdica

× × ×

گەڕان شۆفارەکان قوژبن بە قوژبن
وڵاتیان دا سەراسەر سەنگ و سووژن
گەڕان شار و گەڕان دێهات و هۆبە
هەموویان پڕکڕ ئۆبە بە ئۆبە
گەڕان کێو و چیا و ئەشکەوت و زەندۆڵ
گەڕان کادێن و کەندوو و ئاخۆڕ و هۆڵ[1]
گەڕان و شوێنیان نەبوو پەیدا لە هیچ کوێ؟
سەر و کەس نەیدیبوو دوو شەیدا لە هیچ کوێ؟
بە میریان ڕاگەیاند وەک ڕۆژە ڕەوشەن:
«کەلیرە ئەگەر نین پەڕاندوویانە کەوشەن»[2]

١- هۆڵ : ئاغل ، کەو خانووی مەڕی تی دەکەن

٢- کەوشەن : سنوور

گوتی : ئەی پێتیان دەدەم ئەمجارە فەرمان !

ئەی بچنە بۆ وڵاتی دوور و درێژ و بەرین

ئەی بڕۆنە و ڕامەوەستن هیچ مەترسن

ئەی هەواڵی ئەو دووانەم بۆ بپرسن

ئەی لە هەر کوێیە هەبن بیانزۆزنەوە بۆم

ئەی وەکوو تازە بەکار بیانقوژنەوە بۆم

ئەی دەدەم پارە و خەڵاتی باش بە ئیوە

ئەی ~~کە بۆم بەردەس بکەن بەردەس کەن ئەو سەر~~

ئەی کە بۆم بەردەس کەن ئەو دوو سەربزێوە

ئەی لە بان هەوران بڕن یا تەختی بەحران

ئەی لە داویان خەن بە فێڵ و فەز و مەکران

داویان

کوردیکا
@kurdica

گووتو یانە کە خزمەتکاری چاکی
دەبێ وەک داڵ بکەی بۆنی کەلاکی

لە ئێوە کار و تێکۆشان لە من ماڵ
دەتانهێڵم بە سەریانا نەبن زاڵ »

× × ×

قەڵای میران بە دەس ناکەس دەنەخشێ
کە : « دار هۆرەی لە خۆی بێ زوو دەقەڵشێ »

ئەگەر زێڕ و دراو دەوری نە بووبا
بلووری ژین دەبوو غەوری نە بووبا

ئەگەر پارە نەبووبا بیر و بڕوا
دەبوو زاڵم لە کوێ وا دەکەی بڕوا؟

ئەگەر خوێری نەکا میللەت فرۆشی
لە خۆی نابینێ زاڵم خێر و خۆشی

کوردیکا
@kurdica

ئەگەر ئەسپی غەرەز ناوێ قەڵەمباز
بگاتە جێی وەزیری رەنگە سەرباز

کە فیل و روخ نەکەونە کلک سووتە
مەلیک ماتە بە دەستی پیادە ڕووتە
بە من ئەو هێرش و زەبر و زوڵم و زۆرە
بەشی زۆری گوناهی مەتەخۆرە

× × ×

بڵێ بوون خێڵی شووفارانی بێچار
لە دوای دوو ئاشقی لاوی فیداکار
گەڕان شار و وڵاتی دوور و نیزیک
دووان بە زمانی فورس و تورک و تاجیک

کوردیکا
@kurdica

یەکێک بۆە مارگر و یەک بوو بە دەروێش
یەکێک بۆە حافز و یەک بوو بە دەسکێش
یەکێک بۆە لووتی و یەک بوو بە چاوەش
یەکێک بۆە سوالکەر و یەک بوو بە جاکەش
تەیابان و شەقام و ڕێگەیان گرت
هەموو جێیان تەنی گشت جێگەیان گرت

× × ×

کچ و کوڕ بێ حەیەر لەو لۆڕ و داوە
خەریکی کاری خۆیان بوون لە لاوە
ئەگەرچی ڕووت و پێخواس بوون و بێ سی
بەڵام کەم کەم نەیانمبوو مەترسی

کوردیکا
@kurdica

بە سەربەستی ژیانی سەر دەسیری

بە قوربانی بێ تەخت و بەختی ئەمیری

چ خۆشە سەربلیندی و بێ نیازی ؟

~~چ~~ بە ئازادی بخۆی نان و پیازی

-١-

دەڵێن یارێ گوتی : جارێ بە یاری :

«گەڕیدەی شارەزای زۆر گوند و شاری

«لە دەوان خۆشتر و جوانتر چ جێیە ؟»

گوتی : «ئەو جێیە خۆشە یاری لێیە»

لەم دوو شێوەی مەولەوی بەلخی وەرگیراوە ؟

گفت معشوقی بە عاشق کای فتا

تو بە غربت دیدەای پس ~~شهرها~~ شهرها

پس کدامین شهر زانها بهتر است ؟

گفت آن شهری که در وی دلبر است .

کوردیکا
@kurdica

-١-

کە دڵ خۆش بوو دڵۆ با دەر بکا دەست
شەکەت بێ با لەش و ئاسوودە بێ هەست

دەستێک بکرێ بە شەو لە ملی نیگارێ
بە ڕۆژ ماندوو بێ با هەر لە کارێ

دەس و پەنجێک کە بکوشێ جووتە مەمکێ
جەنام نابێ بە کارێ تا کوو نەشکێ

کە لێو بمژێ شەوانە لێوی دڵدار
بە ڕەنج کێشانی ڕۆژێ ناگرێ بار

کە شەو تیژ ماچ و مووچ و گازە کوڵمە
چبوو سووتاو و تاوانگازە کوڵمە

دڵۆ : بەو تۆخەی دەڵێن کە ڕەنگی کرێکار دەری دەکا.
جەنام : ئەستوور بوون جەگەی دەست.

کوردیکا
@kurdica

کەسێکی چێژی ئازادی بچێژێ
لە وەی باکی نیە ئارەق بڕێژێ
بەبێ رایەخ شەوێ ئاسوودە دەنوێ
کرێکاری کە یار پشتی بەنوێ
بە بێ پێخەف شەوێ گەرم و گوڕە لەش
کە یاری نازەنین بگرێ لە باوەش
کە شەو دایمالی پەنجەی یاری جوانی
بە ڕۆژ بە با هەر جەوو بێ پیل و شانی
کە سۆزی عیشی وان هەر دەم پتر بوو
هەموو تاوێکی عومرێکی خەد بوو

کوردیکا
@kurdica

× × ×

-١-

لە نێو شووفارەکاندا خواجەیەک بوو
عەجەب زیانی خورۆ و پیرەسەیەک بوو
ئەمیر بۆ پاسی نێومالی کڕی بوو
نموونەی پیاوخراپی و دەم شڕی بوو
کە خۆی بێ بەش لە خۆشی ژین کرا بوو
هەموو دەرکی هومیدی داخرا بوو
کە شۆقی عیشق و دڵداری نەدی بوو
کە گەرمی باوەشی یاری نەدی بوو
کە زیبک و غیرەتی مێری نەدی بوو
کە خۆشی پیاوەتی و نێری نەدی بوو

خواجە: مانای زۆرن، بەڵام مەبەستی من لێرەدا ئەوە کە دەرەبەگ و خاوەن کۆیلەکان دەیانخەسا و لە حەرەمخانەدا کاریان پێ دەکردن و پێیان دەگوتن خواجە.

کوردیکا
@kurdica

× × ×

دەروونی پڕ گریانە و حەسەد بوو
هەتا هەز کەی بە خیل و شووم و بەد بوو
کە کوشتی پیادەتی ئەو دەستی تاوان
هەقی خۆی بوو رقی ڕۆڕ بی لە پیاوان
کە وەک یەک بوون ژن و گاشە لە کێ ئەو
نەبوو باکی بدا ئازاری ژن ئەو
چلۆن بڕوا دەکات ئینسانی بی بەش
نەبێ بێرەحم و بێ ئینساف و دڵڕەش
کە ئینسانێک وەکوو حەیوان خەسی بێ
سەیر نیە گەر نموونەی ناکەسی بێ.

گریانە : عوقدە

بە ئەمری میر ئەویش خۆی کردە سوالکەر
هەگەر ڕا شار و وڵاتان ئەم سەر، ئەوسەر
هەتا ڕۆژێکی خواجەی دڵڕەقی پیر
لە ماڵێک دوور بە دوور ناسی کچی میر
تەماشای کرد جل و بەرگی درپاوە
سەر و پۆتراکی ئاڵۆز و بلاوە
بە ڕۆکی ئاوەڵایە سینگی ڕووتە
سەر ئەد کوڵمە ناسکەی تاوە سووتە
هەڵیماڵیوە تا ئانیشکی بۆ کوڵ ~~بلسکی~~
دەڕێژێ ئارەقە زەنگوڵ بە زەنگوڵ

١- کوڵ : جل شوشتن

کوردیکا
@kurdica

کەچی شادی لە نێوچاوان دەباری
کچی میرە و شەرم ناکا لە کاری

سەری سوور مابوو ئەو کابرا نەزانە:

دە چاوان گۆڕاوە ئەم دەور و زەمانە
دە تەماشای ئەم ژیان و ڕێ و شوێنە
دە کچی ڕەسەن زادە و کوڵ و ئەسپۆن[1] و سوێنە[2]
دە بە دووی کارا گەڕان کووچە بە کووچە
دە لەبۆ خاتوونی وا ئاوان و سووچە
دە بە شیر و شەکری پەروەردە کراوە
دە لە کۆشک و سەرایان دا ژیاوە

١- ئەسپۆن: گیایەکە، ڕیشەکەی وەک سابوون کەف دەکا
٢- سوێنە دەفرێکە لە گڵ دروست کراوە و خاراوە و لە بابی تەشت بە کار دێ.

کوردیکا
@kurdica

ئەی هەمیشە خاوەنی کۆیلە و کەنیز بوو
ئەی جل و بەرگی هەتا حەز کەی تەمیز بوو
ئەوی دەستووری دابا جێ بە جێ بوو
ئەی لە خۆی زیاتر لە ژووری کۆشکی مالی کێ بوو؟
ئەی دەیانکرد باوەشینی ئەم بەر، ئەو بەر
ئەی لە بنی سێبەری کێی نەشمیلی ئەسمەر
کەچی ئێستا لە بەر سووره هەتاوێ
ئەی پەڕۆ شۆری دەکا بۆ نان و ئاوێ
مەگەر باوکی پەکی کەوتوە لە تالان؟
ئەی کە ئەو ئێستا دەکا جلشۆری مالان

«دەبێ خوارد بێتی مێشکی گوێدێژێ
«دەنا بۆ نانی چۆن ئارەق دێژێ
«ئەوی بۆ ئەو کرا بۆ کێ کراوە
«بە خوای وا دیارە نوشتەی لێ کراوە»

× × ×

ئەوندە تەسکە بیری گەنزە — پیاوان
دەکەن فەرقی کچی میران و گاوان
~~دەکەن~~ دەڵێن: «کەنگر و قوماش نابێ بە وێڵەاش
«قەی کەونە پیاوانە و قەی باش!!
«دەسەڵمێنن بە پیاوی گەوج و سادە
«کە سوار هەر سوارە پیادەش هەر پیادە

---

١ لە فولکلور وەرگیراوە
٢ « « «

کوردیکا
@kurdica

دە کچی میران دەبێ لیران وە خۆ خەن
دە کچی گاوان دەبێ پووشکان وە کۆ کەن
دە کچی میری دەبێ خۆشی ببینێ
دە کچی شوانی بچێتە نان چینێ

× × ×

کچی میری دەبینی باش و ئەفووس
کچی میر نەیدەبینی پیرە جاسووس
دەمەو ئێوارە رزگار بوو لە کارێ
گەڕاوە جا بەرەو ئامێزی یارێ
بەڵام جاسووس، بەستی ناپاو
بە دوای ئەو دا رەچوو هەنگاو، بە هەنگاو

کوردیکا
@kurdica

تەماشای کرد کە لاوێکی قورادی
لە ڕێگایەی بڕیوە سیلە چادی
کە یاری دەرکەوت بێ ترس و پارێز
بەرەو پێری فڕی گرتی لە ئامێز
لە هیچ کوێ ڵ دای نەنا تا بردیە ژوور
ئیتر رووی کردە ئەم ژوورە خودای نوور

× × ×

هەڵی نا جێ ئەوان و وەک کڕیوە
لە لاقانی وەرێنا هەر لە وێوە
تەرەختان و ڕکێفکوت کەوتە ڕێیە
لە خەڵکی وایە ڕد کابرا ئاوری پێیە

---

١ - لە فولکلور وەرگیراوە کنایە یە بو کەسێک کە بە پەلە بڕوا

لە سوێی ماڵ و دراوی باڵی گرتبوو
خەیاڵی مۆڵک و ماش و ماڵی گرتبوو
هەمیشە وایە کاری پیاوی نامەرد
کە سوودی خۆی دەکا تەنیا بەرادەرد
لە خۆی رازی بکا ئەو میری خوێنخۆر
دەروونی ئاشقان با بێنێ ناسۆر
خەڵک تووشی بەڵایە بێ جەهننەم
کە ئەو گیر کەوی دینار و درهەم
هەتیوبار سووکە نەبێ با باری قورسی
نەیەتە خوار جەنابی ئەو لە کورسی

بە ~~کۆچیلە~~ کوچکێدە بدا جەرگی ژنی پیر
هەتا چەنگی لە جیگایەک بێ گیر
بە وی چی بە سەر دێ پیاوی بێکەس
کە ئەو پارەی دەوێ و پارەی دەوێ و بەس
بە وی چی ماڵی خەڵکی بێ خودان بێ
کە ماڵە جوانەکەی ئەو ئاوەدان بێ
بە کوشتن دا خەڵک ئوردوو بە ئوردوو
پەکی بێ ناکەوێ وبجدانی مردوو

XXX

بە ناڵووکە گەیشتە دەرکی میری
بە گورجی خۆی گەیاندە کن گزیری

باشترین پەرەسکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

گوتی : «زەحمەت نەبێ پێی راگەیەنی
«هەمە عەزیز و عەزیزی نهێنی
«گرنگە عەزەکەم ، رازێکە رەنگێ
«هەتا زووتر خەبەردار بێ درەنگێ»

× × ×

ئوندەی پێ نەچوو بردیانە کن میر
گوتی : «ئەی میر خاوەن را و تەبگیر !
«لە زیادی بێ هەمیشە خەت و هاتت
«پتر بێ و هەر پتر بێ دەستەلاتت
«بەجێم هێناوە ئەرکی بەندەگی خۆم
«تەماڵم دیتەوە من نوکەری تۆم

١- کەروێشک لە لاندا دۆزینەوە هونەر بوو ، ئەگەر نوکەرێک لە راو دا کەروێشکی دۆزی بایەوە دەیگوت 'نوکەری ئاغای خۆم پێ دەڵێن هۆی تەماڵە ، لە هێندێ ئاوچە پێیان دەتگوت دیاردی

«لە سایەی تۆوە خاین بنیدراوە
«چیە فەرمانی گەورەم؟ وەختی راوە»
ئیتر نامەردە پاشە وپاش کشاوە
لە خۆشیان رەنگ و رووی میری گەشاوە
هەرای کرد: «دکێ لە وێیە بێتە ئووری»
بە جاری داوەرین چەند زرتە سووری
گوتی: «ئێوە کە خزمەتکاری خاسن
«هەموو ئەو ئۆکەرە باشم نباسن
«بکەن ئێستا سراپا زێروە شانی
«خەڵاتی گەورەیی دادەن بە شانی»

میرەکان کە بانگی خزمەتکارەکانیان دەکرد ناویان نەدەبردن
و دەیانگوت «دکێ لە وێیە»

×××

وەکۆی کردن لە پاشان گەورە گەورە
هەموو دەستەو نەزەر وێتان بە دەورە
چ گەورە گەورە بەندە و گوێ لە مست بوون
بەرەو رووی ئەو تەواو بێدەنگ و هەست بوون
قەپان و رەزاگران و دەنگەکار
درۆزان ، دوو زمان ، پەتیارە ، بێعار
بە گژ خۆکا دەچوون وەک نەپرە ڕێوی
کە ئەو دیار با دەبوونە ڕێڵە ڕێوی
کە ئەو دەیگوت دە ئەرێ چبکەین بەیانی ؟
دەیانگوت : دە گەورەمان بۆ خۆت دەزانی ،

کوردیکا
@kurdica

گوتی : ئەی گەورە گەورەی بارەگای من

بلێن ئێستا چی یە تەگبیر و ڕای من ؟

دەڵێن ئەو ڕووکەسەی لێرە هەڵاتوون

لە پایتەختی وڵاتی نیشتەجێ بوون

کە ڕۆستی خۆمە میری ئەو وڵاتە

ئەمیرێکی بە زیرەک و دەستەڵاتە

دەڵێم چەن کەس لە ئێوە هەڵبژێرم

بچن — سەوقات و دیاری بۆ ببرم

بە نامە لێی بخوازم ڕا نەوەستێ

دەس و پێی ئەو دووانەم بۆ ببەستێ

کوردیکا
@kurdica

بە ڕێیان کاتەوە بۆ دەرکی ئێمە
من ئامادەم ئەویش گەرکاری پێمە ،،

گوتیان:- صدّق - قسەی میری تەواوە ،،
گوتی: ئەو ئیتر قسەم پێیتان نەماوە ،،

X X X

شەوێکی ڕەش وەکوو بەختی ئەسیران
وەکوو ڕوا ڕۆژی زۆردار و ئەمیران
نە مانگ دیار بوو نە ئەستێرەی گەش و جوان
تروسکەی لێ بڕا بوو ئاگری شوان
دەروونی پیاو خراپە شەوە زەنگ
کە داخنرێ بە بوغز و کینە و ژەنگ

کوردیکا
kurdica

بە رواڵەت کش بەڵام پڕ کارەساتە
هەزاران رازی تێدا گەرچی ماتە

لە کۆشک و گرتووخانەی دەرکەبەستە
یەکێک مەستە، هەزاران زار و خەستە

لە لایە لاو دراونە بەر شکەنجە
لە لای دیکە سەمایە و لار و لەنجە

لە کونجی بێوەژن دەگری و دەناڵێ
لە کۆشکێ پادەگیڕە چاوکەژاڵێ

لە سووچێ باب لە سوێی ڕۆڵەی دەسووتێ
لە قەسرێکی دەرەقێ نیوەرووتێ

کوردیکا
@kurdica

کچی بێ بەش لە ژووری ئەشکی دەسری
کوڕی ئاغاش بە پارە جوانێ دەکڕێ
هەتیوی بڕسی چڵمێ هەڵدەلووشێ
کوڕی شێخ ئارەقی نابڕێ لە شووشێ

لە لایە چارەرەش کەوتوە لە کۆڵان
لە لایە پارە بەش دەکرێ لە کۆڵان

لە لایە جامی بادە پڕ کراوە
لە لایە داری ئیعدام هەڵکراوە
بەڵێ ڕاستە قەڵای مێرانە شەوگار
بەڵام تێی دا وەنە تاوانی بەدکار

کوردیکا
@kurdika

XXX

کچ و کوڕ نوستبوون بێ خەم لە کەپرێ
دەیانگرێ
نەیانزانی کە داروغە
لە کوێ دڵداری ، پاکی چاکی ساکار
دەزانی فێڵ و مەکری پیاوی زۆردار

لە چین بێ یا لە ماچین بێ دیارە
دەرەبەگ ژمنی چینی هەژارە
لە لای خۆیان هەیانە غیرەت و رەگ
لە هەر شوێنێ هەبن توخمی دەرەبەگ
لە چین کێژی ئەمێرێ هەلبگرێ
لە ماچین کەسری شانە بۆ ئەمێرێ

کوردیکا
@kurdica

لە میران هەر کەسێکی دڵنیا بێ
لە ژینا ئووشی خێر و خۆشی نابی
نەیانزانی ئەوەی ئێرەش ئەمیرە
خەریکی ڕاو و ڕووت و ڕەش بگیرە
هەتا لێیان وەژوور کەوتن یەساوڵ
لە خەو دا سواری سینگیان بوون ئەخاڵ
هێشت ئەیان ڕاپەڕن ، بزوون ، هەڵستن
دەس و پێیان بە چۆڵەپێچە بەستن
کە دوایی هات لە وێ خانە بگیری
بە ڕێیان کردنەوە بۆ دەرکی میری

کوردیکا
kurdika

×××

بەیان ئەنگووت و سۆفی تاکە تاکە
گوتیان هەستێن بچینە نوێژی چاکە
بلێیە بوو بانگدەری کوێری خەوالوو
گوتی ؛ ڕد بانگی بەیانی دەنگە یا زوو
دەبێ زوو بم هەتا کوو نەبڕی ئانم »
لە دارکێشی وەڕان دارکێشی نوێژکەر
گوتی ؛ کابرا دە هەستە جل بکە کەر
کەوا بوو بچیری بەرانی
ڕا کە بیارت زوو نەکەی بۆت نافرۆشێ
ڕا وە دەستت ناکەوێ پارە وەفرۆشێ

کوردیکا
@kurdica

«کەمی ماوە لەبۆ جێژنی بەرانی
کراسی نوێ نیە بۆ شایی فاتی»
ژنی پاڵە گوتی: هەستە بەسە خەو
خرابی بۆ نەنوستی فیلە ئەمشەو
پەلەت بێ زوو بگە کاری و بزانە
«مەلا فەرووی کوتی ڕۆژی بەیانە»
بە ڕەت بردن گەیشتە ژووری ئاغا
تخێڵ بوو جا لە نێوبەندی وەتاغا
«گوتی خانم بشێلە پێ و دەستم
درەنگ هاتووە وا دیارە مەستم؟»

کوردیکا
@kurdica

جه‌ناب شێخ به خێزانی ده‌فه‌رموو:

«هه‌تیوێکی بێبێره خانه‌قا زوو

«بڵێ شێخ نۆژی کرد و نووسته‌وه بۆی

«خه‌لیفه نۆژی بۆ خه‌ڵکی بکا خۆی»

خه‌لیفه پێکه‌نی و زانی چ باسه؟

گوتی: «ڕاباوکم به قوربانی بێ خاسه»

وڵات ڕووان بوو کێبێ ده‌ستی دانا

خه‌ریکی بوو تازه نبوێ لاوی زانا

که دایکی کردیه هاوار و فه‌ریاد

به خۆی دا دا گوتی: «ده‌ی داد و بێداد

کوردیکا
@kurdica

«چبوو تاوانی ئەم جووتە فەقیرە
«کە وایان لێ بکا ئەم گورگە پیرە
«ئەوە کار بوو کە کردی ئەم یەکانە
«پەژارە خستە شاری ئەم بەیانە
«بە قوربانت دەبم بینایی چاوان
«قبووڵی بۆ دەکەی تۆ سوچ و تاوان؟
«خودایا بەس بدە دەستی ئەمیری
«هەرایە، بەد فەرە بۆ خۆت خەبەری
«هەتا گەنگێ دەدەی تۆ بەخت وهاتی؟
«دەزانی چۆن درە؟ نەحەت لە زاتی

کوردیکا
@kurdica

گوتی : «دایە ! چیە ئەم بۆڵە بۆڵە ؟

گوتی : «هەستە سەلام لێ رابوو رۆڵە !»

«ئەمبر ئەمڕۆ لە داری دان بە جووتە

«کچۆڵەی خۆی و ئەو خوشکوانە رووتە

«لە شاری کەوتوە هاوار و گریان

«دڵی گەورە و پچووکان بۆتە بریان»

ئەوەی گوت کەوتەوە ئاه و نووزلە :

«خودایە چەند بەدە ئەم میرە خوولە ؟

«دڵی کوو هات بکوژێ ئەم گوڵانە ؟

«لە یەکتر کا بە ناهەق ئەم دڵانە ؟

کوردیکا
@kurdica

ئەی خودای گەورە بە دەس خۆتە هەموو کار
ئەی لە سەرمان لابەرە بێدادی خونکار
ئەی لە سەر دڵداری نو لاوان دەکوژێ
ئەی کوڕ و کێژان لە پێش چاوان دەکوژێ
گوێ ! ئەی پارانەوە بێ کەلکە دایە !
ئەی نووزلە قەت دەرۆستی زوڵمی نایە
ئەی نەزانە تاکوو خەڵکی ئەم وڵاتە
ئەی بە دەس میرانەوە ئەم دەستە لاتە
ئەی دەتاڕۆن ، ڕادەدەن تا بلوێ بۆیان
ئەی هەموو کارێ دەکەن بۆ سوودی خۆیان

کوردیکا
@kurdica

ئەو بیارێزن هەتا ئەم مولکە و ماڵە
وەبەر پێیان دەدەن مسکێن و پاڵە
ئەوان پێیان بڕێ دەسکەوت و قازانج
بە قورگیری دەبا سەد ماڵە کرمانج
ژن و پیاو و کوڕ و کێژان دەکوژن
قەتوند و قەلەم تیژان دەکوژن
هەتا خەڵکی لە یەکتر وا نەبان
ئەوان سواریان دەبن سواریش دەزان
هەتا میزرا حیکایەتخوانی میرە
مەپرسە دایە لەم کوشت و بگیرە

ئەتا کێتری هەزاران مەشکەژێنە

لە ماڵی وان هەیە ئەم بێنە بێنە

هەتاکوو هێزی ئەم هەڵکە نەجوولێ

هەزار پارانەوەت دایە! بە بوولێ

~~کە ژن زانی ئەویش ئینانە وەکێ~~

کە ژن زانی ئەویش ئینانە وەک مێر

کە مەری میری ئیتر نایەتە سەر بێر

کە وریا بوونەوە پاڵە و کرێکار

دەشێوێ ماڵی میر و مەزن و خوێکار

کە میرزا بوو بە ڕۆشنبیری تازە

حوکم ناکا لە سەرمان میری تازە

کوردیکا
@kurdica

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی بێ کچی میر

قەسەلی قێکی کرد کە پەندە بۆ کوڕی ژیر

بە زۆر بشکێ دەبێ دەرکی قەڵایە

دەنا ئەو دەرکە بۆ کێ ئاوەڵایە ؟

خەبات ڕزگار دەکا کۆیلە و ئەسیران

لە ناخێ ڕادەکا مەزن و ئەمیران

بە ئەفسانەی دەزانن سووری دەوران

عەولام و ورکەخوری دەرکی گەوران

دەوران دەبێ ڕۆژێ بدا سووڕ

بەڵام گەوران نەبێ پشتی خەڵک کوڕ

لە بەر کە گۆپاڵی خەڵک دەرهات لە خیزی

ئیتر نامێنێ میری گەورە فیزی

١٩٧٨/٢/١

کوردیکا
@kurdica

بۆت نووسیوم بۆت نبووسم ئەمن چیم ؟
دوندی قەندیل گۆڕەپانی هەڵگورد نیم
بەرەو بەرزایی دەچم گەرچی وردم
خاکی بەر پێی تێکوشەرێکی کوردم

کوردیکا
kurdica

شەرابی خەست

جێژنی نەورۆزە شەرابم خەست ترە
تا نەڵێن بولبول لە شاعیر مەست ترە
جوانی گوت شۆخی لە بارە بادەگێڕ؟
«ئەو کەسەی ~~[illegible]~~ سەرمەست ترە سەربەست ترە»
«ئەوانەی آنچنان را آنچنانتر مکنید»
شاعیری دەروەست بە مەی دەروەست ترە
چیمەنی شێلا بە شایی کێژی کورد
وەی دڵم لەو چیمەنە چۆڵی پەست ترە
من بڕستم لێ برا یا کێژی شار
زۆر لە کێژی دەشتەکی بەیدەست ترە

١٩٧٨ -

کوردیکا
@kurdica

بەها

بەیان ئەنگووت و شەو رابرد و من هێشتا خەوم نایە
دەنگوێنی بولبول و قومری بەڵام تاسپەی کەوم نایە
خەیاڵ دەباتە جێژوانی شەوانی لادەتی ئەحما
خرینگە بازنە و خرخاڵ و بەرموری ئەوم نایە

کوردیکا
@kurdica

کوردیکا
#kurdica

ڕێژنە

تۆ بەڵێنم پێ بدە تا من بەرەو ڕوان بمەوە
بمدەیە ماچێکی تەر لەم لێوە با جوان بمەوە
دەستی لەزۆکم هەتا تێیدایە هێزی بەی گوشین
لێم گەڕێ تاوێ لە باخی سنیە میوان بمەوە
شەنگە بڕی بڕەوە فرمێکی بێ شوانی ئێتر
ڕەنگە هێشتا لەو چیا و زۆزانە بۆ شوان بمەوە
من گوڵی سەر گۆڕی ئاواتی لەڕێنەم بەڵام
ڕێژنە یەکم لێ بدا پێم وایە بۆ ڕوان بمەوە
شێخ سەنوان بۆ کچی گاور لە ئیسلام وەرگەڕا
من خەریکم بۆ کچە شێخێ پەژیوان بمەوە

١٩٧٨/٧/١٩